فەڕەنسا ڕۆژی هەینی کوژرانی هاوڵاتییەکی خۆی و ڕفاندنی یەکێکی تر پشتڕاستکردەوه

فەڕەنسا ڕۆژی هەینی کوژرانی هاوڵاتییەکی خۆی پشتڕاستکردەوە و ڕفاندنی یەکێکی تر لە وڵاتی جەزائیر لە ڕووداوێکدا کە ژمارەیەک هاوڵاتی فەڕەنسی تێیدا بەشداربوون، دوای ئەوەی ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکانی مەغریبی ڕۆژی پێنجشەممە ڕایانگەیاند کە دوو گەشتیار کە دوو ڕەگەزنامەی مەغریب و فەڕەنسییان هەبووە بەهۆی تەقەی پاسەوانانی کەناراوەکانی جەزائیرەوە گیانیان لەدەستدا، وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا لەم بارەیەوە لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، "هاوڵاتیەکی فەڕەنسی گیانی لەدەستدا لە دۆخێکی گوماناوی".

ناوەندی قەیران و پشتیوانی لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە ی فەڕەنسی و کاروباری ئەوروپا و باڵیۆزخانەکانی فەڕەنسا لە وڵاتی مەغریب و جەزائیر ڕایانگەیاند کە "لە پەیوەندیین لەگەڵ خێزانەکانی هاوڵاتییەکانمان بۆ دەربڕینی پشتیوانی تەواوی خۆمان بەیان".